# لێكۆڵینەوەیەكی فقهی

# سەبارەت بە ڕۆژووی مانگی شەعبان

[ كردي – كوردی – kurdish ]

ئامادەكردنی : مامۆستا عبدالله صادق

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ ـ ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( دراسة فقهية حول صيام  شهر شعبان )

« باللغة الكوردية »

إعداد : عبد الله صادق

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# لێکۆڵینەوەیەکی فقهی

# سەبارەت بە ڕۆژووی مانگی شەعبان

الحمد لله والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .

خۆشەویستان لەم ووتارەماندا بابەتێکی گرنگتان بۆ دەخەینە ڕوو، سەبارەت بە ڕۆژووگرتن لە مانگی شەعباندا، وە بەپێی توانا هەوڵدەدەین سەرجەم ئەو فەرموودانە بخەینە ڕوو کەلەم بارەیەوە هاتوون، پاشان هەڵدەسین بە لێکوڵینەوە وهەڵسەنگاندن خستنە ڕووی ووتەی زانایان لەم بارەیەوە بەیارمەتی خوای گەورە وبالادەست :

ئایا دروستە بۆ موسڵمان مانگی شەعبان بەتەواوی بەڕۆژو بێت؟ وەئایا دروستە نیوەی دووەمی مانگی شەعبان ( واتا لە دوای ١٥ ی شە عبانەوە تاکۆتایی مانگ بەڕۆژوبێت) ؟ چونکە فەرموودە هاتووە لە قەدەغەکردنی بەڕۆژوبوونی نیوەی دووەمی مانگی شەعبان ( واتالە ١٦ی شەعبانەوە تاکۆتایی مانگ). وە فەرموودەش هاتووە باس لەوە دەکات کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) زۆربەی یان تەواوی مانگی شەعبان بەڕۆژوو بووە .

لەسەرەتادا زانایانی ئەهلی سونەت یەک دەنگن لەسەر ئەوەی کە سونەتو خێرێکی زۆرگەورەیە کەلەمانگی شەعباندا موسڵمان زۆری مانگەکە بەڕۆژوبێت، چونکە لەفەرموودەی سەحیح دا هاتووە کە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) مانگی شە عبان هەمووی بەڕۆژوبووە.

لەسونەنی ئەبوداودا هاتووە: ((پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم ) هیچ مانگێک بەتەواوی بە ڕۆژو نەبوە – جگەلەڕەمەزان – تەنها شە عبان نەبێت بەڕۆژوو دەبوو تادەگەشتە ڕەمەزان )) ئەم حەدیسە شێخی ئەلبانی تەسحیحی کردوە .(صحيح سنن أبي داود ٢٠٤٨).

ئەمەی لەزاهیری ئەم فەرموودە فەهم دەکرێت ئەوەیە کەپێغەمبەری خودا

( صلى الله عليه وسلم ) مانگی شەعبان هەمووی بەڕۆژوو بووە.بەڵام لە سەحیحی موسلیم دا هاتوە کە ڕیوایەت کراوە لە دایکی موسڵمانان حەزرەتی عائیشە ( خوای لێ ڕازی بێت ) کەدەفەرموێت: [**وَلَمْ أَرَهُ صَائِمًا مِنْ شَهْرٍ قَطُّ أَكْثَرَ مِنْ صِيَامِهِ مِنْ شَعْبَانَ ، كَانَ يَصُومُ شَعْبَانَ كُلَّهُ ، كَانَ يَصُومُ شَعْبَانَ إِلا قَلِيلا** ]. فەرمودەی ژمارە (١١٥٦)

واتە:نەم بینیوە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم ) بەڕۆژو بێت بەزۆری لەهیچ مانگێکدا وەک مانگی شەعبان، پێغەمبەر مانگی شەعبان هەمووی بەڕۆژوو دەبوو، وە پێغەمبەر مانگی شەعبان بەڕۆژوو دەبوو تەنها کەمێکی مانگەکە نەبێت).

لێرەدا زانایانی ئیسلام بۆ گونجاندن وڕێکخستن لەنێوان ئەم دوو فەرموودە سەحیحە ووتویانە: ئەم کارەی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم ) بەپێی جیاوازی کات بووە، لە هەندێک ساڵدا پێغەمبەری خودا مانگی شەعبان هەموو مانگەکە بەڕۆژوو بووە، لە هەندێک ساڵیشدا زۆری مانگەکە بەڕۆژوو بوە بەڵام بە تەواوی مانگەکە بەڕۆژو نەبوە. ئەمە ڕای کۆمەڵیکە لەزانایان لەوانیش شێخ ئیبن باز ڕەحمەتی خوای لێبێت. بڕوانە: ( مجموع فتاوى الشيخ ابن باز (١٥/٤١٦) .

کۆمەڵێکی تر لە زانایان فەرمویانە: کە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم ) هیچ مانگێک بە تەواوی بەڕۆژوو نەبوە جگە لەمانگی ڕەمەزان، وەئەمەش رای ئیمام ئیبن وحەجەری عەسقەلانی -ڕەحمەتی خوای لێبێت-، وەمەبەست لێردا بەردوام بونە لەزۆر بەڕۆژوو بون لە مانگی شەعبان دا. (سەیری فتح الباري (١٢٩/٤) بکە.

ودەربارەی فەرموودەی ئەبوداود کە تێیداهاتووە:( **كَانَ لا يَصُوم مِنْ السَّنَة شَهْرًا تَامًّا إِلا شَعْبَان يَصِلُهُ بِرَمَضَان** )،ووتویانە: زۆرینەی مانگەکە بەرۆژوبووە نەک هەرهەمووی؛ چونکە لەزمانی عەرەبدا هاتووە: ئەگەر پیاوێک زۆرینەی مانگێک بەرۆژوبێت، دەووترێت: مانگەکە هەمووی بەڕۆژوبووە.

ئیمام نەوەوی -ڕەحمەتی خوای لێبێت - فەرمویەیەتی: ( **قولها**:**كَانَ يَصُوم شَعْبَان كُلّه، كَانَ يَصُومهُ إِلا قَلِيلاً، الثَّانِي**: **تَفْسِير لِلأَوَّلِ، وَبَيَان أَنَّ قَوْلهَا**: "**كُلّه**"، **أَيْ غَالِبه**) .

واتا: قسەی عائیشە – ڕەزای خوای لێبێت – کە دەڵێت: پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم ) مانگی شەعبان هەمووی بەڕۆژوو دەبوو، بەو مانایەی مانگی شەعبان بەڕۆژوو دەبوو تەنها کەمێکی مانگەکە نەبێت، دوومەیان: – پێغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) مانگی شەعبان بەڕۆژوو دەبوو تەنها کەمێکی مانگەکە نەبێت– تەفسیرو ڕوون کردنەوەی قسەی یەکەمە– پێغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) مانگی شەعبان هەمووی بەڕۆژوو دەبوو– وەمانای قسەکەی عائیشە کە دەڵێت (هەرهەموو مانگەکە): مەبەست پێی غالیب وزۆرینەی مانگەکە) نەک هەر هەموو ڕۆژەکانی ئەو مانگە .

پوختەی قسە لێرەدا: پێغەمبەری خودا ( صلی اللە علیە وسلم ) مانگی شەعبان بەتەوای بەڕۆژوو نەبوە، بەبەڵگەی فەرموودەی تر کەلە سەحیحی موسلیم دا بەژمارە (٧٤٦) هاتووە کە عائیشە – خوای لێ ڕازی بێت – فەرموویەتی: ( **وَلا أَعْلَمُ نَبِيَّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَرَأَ الْقُرْآنَ كُلَّهُ فِي لَيْلَةٍ، وَلا صَلَّى لَيْلَةً إِلَى الصُّبْحِ، وَلا صَامَ شَهْرًا كَامِلا غَيْرَ رَمَضَانَ**).

واتا: (نەم زانیوە کە پێغەمبەری خودا هەمو قورئانی خوێندبێتەوە لە شەوێکدا، وهیچ شەوێک تابەیانی نوێژی نەکردووە، وەهیچ مانگێک بە تەوای بەڕۆژونەبوە بێجگە لەمانگی ڕەمەزان نەبێت ).

وبەبەڵگەی تریش کەلە هەردوو سحیحی بوخاری بە ژمارە فەرموودەی (١٩٧١) وموسلیم بە ژمارە فەرموودەی(١١٥٧) هاتوە کە ئیبن عەباس فەرموویەتی:

( **مَا صَامَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شَهْرًا كَامِلا قَطُّ غَيْرَ رَمَضَانَ** ).

واتا: پێغەمبەری خودا ( صلی اللە علیە وسلم ) هەرگیز هیچ مانگێک بەتەواوی بەڕۆژونەبووە، تەنها مانگی ڕەمەزان نەبێت .

وەئەگەر پرسیار بکرێت: حیکمەت چیە لەزۆر بەڕۆژوبونی مانگی شەعبان، لەوەڵام دا پێغەمبەری خودا فەرمویەتی:

(**ذَلِكَ شَهْرٌ يَغْفُلُ النَّاسُ عَنْهُ بَيْنَ رَجَبٍ وَرَمَضَانَ، وَهُوَ شَهْرٌ تُرْفَعُ فِيهِ الأَعْمَالُ إِلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ، فَأُحِبُّ أَنْ يُرْفَعَ عَمَلِي وَأَنَا صَائِمٌ**).(أخرجه أبو داود والنسائي. وحسنه الألباني في صحيح النسائي (٢٢٢١).

واتە : شەعبان مانگێکە خەڵک لێی بێ ئاگان نێوان ڕەجەب و ڕەمەزانە، ولەم مانگەدا کردەوەکان بەرز دەکرێنەوە بۆلای خوای جیهانیان، ومن حەز دەکەم کردەوەم بەرزبکرێتەوە ولەوکاتەدا بەڕۆژوبم).

بەڵام سەبارەت بەڕۆژوبوونی نیوەی دووەمی مانگی شەعبان ( واتە لە ١٦ی شەعبانەوە تاکۆتایی مانگ).

فەرموودەی سەحیح هاتووە نەهی کردوە لە بەڕۆژوبونی نیوەی دووەمی مانگی شەعبان.**جاء في السنن أنّ رسول اللّه ﷺ قال**: (( **إذا انتصف شعبان فلا تصوموا** )).

أخرجه أبو داود (٣٢٣٧) والترمذي (٧٣٨) وابن ماجه (١٦٥١). صححه الألباني في صحيح الترمذي (٥٩٠) .

واتە : پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی: ئەگەر مانگی شەعبان نیوە بوو، ئیتر بەڕۆژو مەبن.

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر قەدە غەبوونی بەڕۆژوبون لە نیوەی دووەمی مانگی شەعبان (واتە لە ١٦ی شەعبانەوە تاکۆتایی مانگ).

وەزانایان لە حیکمەتی بەڕۆژو نەبونی ئەم نیوەی دووەمەی شەعبان وتوویانە: خۆبەهێزکردنە بۆ بەڕۆژوبونی مانگی رەمەزان؛ چونکە بەردەوام بونی ئەم ڕۆژوە سونەتە مرۆڤ لاواز وبێتاقەت دەکات لە بەرۆژوبونی فەرزی رەمەزان، هەروەها ئیحطیات کردن بۆتەواوی ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزان تاڕۆژێک زیاد نەکرێت کەلەومانگەنەبێت، هەروەها یەکێکی تر لە حیکمەتەکانی ئەوەیە بۆ جودا کردنەوەی ڕۆژوی فەرزی مانگی ڕەمەزانە لە ڕۆژوی سونەتی مانگی شەعبان.

لێردا دەبی ئەوە بڵێین کە هەندێک لە زانایان ووتویانە: فەرموودەی نەهی کردن لە بەڕۆژووبونی نیوەی دووەمی مانگی شەعبان لاوازە.

بەڵام دوای خوێندنەوەو ووردبونەوە لە قسەی زانایان دەردەکەوێت کەئەم فەرموودەیە سەحیحە وەک لە پێشودا ئاماژەمان بۆکرد.

ئیبن قەییمی جەوزی –ڕەحمەتی خوای لیبێت– لەوەڵامی ئەمەدا دەفەرموێت ( بەڕاستی ئەم حەدیسە سەحیحە لە سەر شەرتی موسلیم) بڕوانە (تهذيب السنن ١/٤٠٧).

هەروەها پرسیار لە شێخ ئیبن باز – ڕەحمەتی خوای لێبێت– کرا دەربارەی دەرەجەی صیحەتی ئەم فەرمودەیە، فەرمووی: ( ئەم فەرموودەیە سەحیحە وەک برامان عەللامە شێخ ئەلبانی فەرموویەتی). (مجموع فتاوی الشیخ ابن باز (١٥/٣٨٥).

بەڵام لێرەدا فەرموودە هاتووە ئەوە دەگەیێنێت کەدرووستە نیوەی دووەمی شەعبان بەڕۆژوبیت.

لە هەردوو سەحیحی بوخاری بە ژمارە فەرموودەی (١٩١٤) وموسلیم بە ژمارە فەرموودەی (١٠٨٢) داهاتوە کە پێغەمبەری خودا فەرموویەتی:

( **لا تَقَدَّمُوا رَمَضَانَ بِصَوْمِ يَوْمٍ وَلا يَوْمَيْنِ إِلا رَجُلٌ كَانَ يَصُومُ صَوْمًا فَلْيَصُمْهُ** ) .

واتە: ڕۆژێک یا دوو ڕۆژ پێش هاتنی مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو مەبن، مەگەر یەکێک عادەتی وابێت کە پێشتریش هەر بەڕۆژوو دەبو، مەبەست پێشی نیوەی شەعبانە.

ئەم فەرموودە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەدرووستە نیوەی دووەمی شەعبان بەڕۆژوبیت بۆکەسێک کەعادەتی وابو هەمیشە بەڕۆژوو دەبوو، وەک هەموو دووشەمە وپێنج شەمەیەک، یاعادەتی وابوو ساڵ دوانزە مانگ ڕۆژێک بەڕۆژوو دەبوو ڕۆژێکی تر بە ڕۆژوو نەدەبوو، ئەوکەسە بۆی هەیە بەڕۆژوو بێت با لە دوای نیوەی شەعبانیش بێت.

وهەروەها لە سەحیحی موسلیم دا هاتووە کە عائیشە دەفەرموێت: [... **كَانَ يَصُومُ شَعْبَانَ كُلَّهُ، كَانَ يَصُومُ شَعْبَانَ إِلا قَلِيلا**].

واتاکەی:( پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) مانگی شەعبان هەمووی بەڕۆژوو دەبوو، وەپێغەمبەر مانگی شەعبان بەڕۆژوو دەبوو تەنها کەمێکی مانگەکە نەبێت).

ئەم فەرموودەیە ئەوە دەگەیێنێت کەبەڕۆژووبون دوای نیوەی شەعبان درووستە، بەڵام بۆ کەسێک کەپێش نیوەی یەکەمی شەعبان بە ڕۆژو بوبێت، وبەردەوام بێت لە بەڕۆژوبونی مانگەکە.

ئیمامی نەوەوی–ڕەحمەتی خوای لێبێت– لە ریاض الصالحین (ل: ٤١٢)

دەفەرمویێت: ( باب: النهي عن تقدم رمضان بصومٍ بعد نصف شعبان إلا لمن وصله بما قبله أو وافق عادة له بأن كان عادته صوم الاثنين والخميس ).

واتە:( قەدەغەیە بەڕۆژوبون پێش هاتنی مانگی ڕەمەزان لە نیوەی شەعبانەوە، مەگەر یەکێک کەپێش نیوەی یەکەمی شەعبان بە ڕۆژو بوبێت، وبەردەوام بێت لە بەڕۆژوبونی مانگەکە، یا وا ڕێک کەوت کەبەر عادەتی ئەوکەسەکەوت، وەک ئەوەی عادەتی خۆی وابوو دووشەمە وپێنج شەمە هەمیشە بەڕۆژوو دەبو).

کەواتە هەرکەسێک کە لە سەرەتای مانگی شەعبان وەبەڕۆژوو بێت، هیچ قەیدی ناکات ئەگەر نیوەی دووەمی شەعبان هەر هەموی یا هەندێکی بەڕۆژوبێت، هەروەها ئەوەی عادەتی خۆی وابوو دووشەمە وپێنج شەمە لە هەموو هەفتەیەکدا بەڕۆژوو دەبو، ئەوا لەو ڕۆژانەدا بەڕۆژوو دەبێت وهیچ مانیعی شەرعی نیە.

ئیمام ئیبن قەییم –ڕەحمەتی خوای لێبێت– دەفەرموێت: هیچ دژایەتی نیە لەنێوان ئەم فەرمودانەی کەتێیدا هاتووە دروستە دوای نیوەی شەعبانی بەڕۆژوو بوون لەگەڵ ئەم فەرمودانەی کەتێیدا هاتووە دروست نیە دوای نیوەی شەعبانی بەڕۆژوو بوون ؛ چونکە ئەو فەرمودانەی ڕێگەی بەڕۆژووبون دەدەن لە دوای نیوەی شەعبان بۆکەسانێکن کە نیوەی یەکەمی شەعبانیش بەڕۆژوو بوو بوون، یا بەڕۆژووبونیان بەر عادەتی هەمیشەیی خۆیان دەکەوێت، ئەو فەرمودانەی کەتێیدا هاتووە قەدەغەیە دوای نیوەی شەعبانی بەڕۆژوو بوون بۆ یەکێکە بە ئەنقەست بێت تەنها دوای نیوەی شەعبان بەڕۆژوو بێت، نە لەبەر ئەوەی عادەتی خۆی وابێت، وەنەلەبەر ئەوەی نیوەی یەکەمی ڕەمەزانیش بە ڕۆژوو بووبێت بیەوێت تەواوی مانگ بەڕۆژوو بێت).

وەکاتێک پرسیار لە شێخ ئیبن باز –ڕەحمەتی خوای لێبێت – کرا دەربارەی ئەو فەرمودانەی نەهی لە بەڕۆژووبون لەدوای نیوەی شەعبان دەکەن فەرمووی:( مەبەست لەو نەهی کردنە ئەوەیە کەسێک هەتا نیوەی شەعبان هیچی بەڕۆژوو نەبوبێت، بەڵام کاتێک مانگی شەعبان نیوە بوو دەست بکات بە ڕۆژوو بوون، ئەمە پێچەوانەی سوونەتی پێغەمبەری خوایە، بەڵام کەسێک ئەگەر هاتوو لەسەرەتای مانگی شەعبانەوە بەڕۆژوو بوو بوو، یان زۆربەی مانگەکەی

گرتبوو، ئەوا هیچ موخالەفەی سوننەتی نەکردوە ئەگەر بێتوو لە پاش نیوەی مانگی شەعبانەیشەوە بەرۆژوو ببێت جا ئەگەر هەر هەمووی بگرێت یان هەندێکی).
(مجموع فتاوی الشیخ ابن باز (١٥/٣٨٥).

دوا ووشە وپوختەی بابەت: هیچ مانیعی شەرعی نیە بەڕۆژووبون دوای نیوەی شەعبان بۆ کەسێک کە لە سەرەتای مانگی شەعبانەوە بەڕۆژوو بێت، وحەزبکات نیوەی دووهەمی شەعبان هەر هەموی یا هەندێکی بەڕۆژوبێت، هەروەها ئەوەی عادەتی خۆی وابوو دووشەمەو پێنج شەمە لە هەموو هەفتەیەکدا بەڕۆژوو دەبو، ئەوا لەم ڕۆژانەدا ئەگەر بە رۆژوویش بێت قەیدی ناکات ، بەڵام مەنع و نەهیەکەی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەوەدایە کەسێک لەدوای نیوەی شەعبان دەست بکات بەڕۆژووگرتن و لەگەڵ ئەوەشدا پێش نیوەی یەکەمی مانگی شەعبان هیچی نەگرتبێت .

لەپاشدا دەڵێم خوای گەورە لەهەمو لایەک زاناتر و شارەزاترە .

وصلی الله وسلم علی نبینا محمد وعلی آله وصحبه وسلم

والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته